# گرنگی ئابووری لە ژیانی ژناندا

ن.ڕەسوڵ قادری

زۆر جار ئابووری وڵاتێك دەوری سەرەکی لە گەشەکردنو دواکەوتنی ئەو وڵاتەدا دەگێڕێ.

هەرچەندە ئابووری شپرزەترو دواکەوتووتربێ، پێشکەوتنی وڵاتیش نامومکین تر دەبێو ژمارەی بێکاران ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبێو دەوڵەت ناتوانێ بە گوێرەی پێویست لە باری دامەزراندنی بنکەو کارخانە، بنکەی دەرمانی، ناوەندی خوێندن بە گشت بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، وڵات بەرەو پێشکەوتن ببات. بە پێچەوانە ئابوورییەکی پێشکەوتوو، دەبێتە هۆی بەرەو پێش بردنی کۆمەڵ لە بوارە جۆراو جۆرەکانداو پەیدابوونی کارو پەرەسەندنی ئاسوودەییو ئاسایشی خەڵکی.

لە ڕاستیدا هەتا وڵاتێك لەباری ئابوورییەوە سەربەخۆتربێ پێویستی کەمتری بە وڵاتانی دیکە دەبێو، لە ئاکامدا ئەو وڵاتانە ناتوانن زۆر شتی، بەسەردا بسەپێنن، ئەم مەسەلەیە لە چوار چێوەیەکی بەرتەسکی وەك بنەماڵەشدا هەر ڕاستە. بە واتایەکی دیکە هەر ئەندازە مرۆڤێك (چ ژنو چ پیاو) لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ بێو دەرفەتی ئەوەی ببێ کە خۆی پێویستییەکانی ژیانی خۆی دابین بکا، بێگومان مرۆڤێکی سەرکەوتوو دەبێو مەجبوورنابێ ملکەچی کەسێکی دیکە و (یەك لەوان شەریکی ژیانی خۆی) بێ.

ئابووری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەورێکی گرنگو بنەڕەتی هەیە. بەڵام بە درێژایی مێژوو لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵدا دەرفەت بۆ خۆ نواندنی پیاوان زۆرتربووەو ئەو بیرە بەسەر کۆمەڵ زاڵ بووە کە ئەوە پیاوانن دەتوانن ئابووری بە باشی وەگەڕخەن. بەڵام سەرەڕای زاڵبوونی ئەو بیروبۆچوونەش کە لە ئاکامی پرۆسەیەکی بەردەوامو دوورو درێژی مێژوویدا پێك هاتووە، نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێ کە ژنان دەتوانن دەوری کاریگەریان لە ئابووری وڵاتدا ببێو، لە هەر شوێنێك بواری کارکردنو هاتنە مەیدانیان بۆ ڕەخسابێ، ئەو ڕاستییەیان بەکردەوە پێشان داوە.

کارکردنی ژنان لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە شیاوی گرنگیپێدانە، کارکردن جگە لە وەدەست هێنانی داهاتو سەربەخۆبوون لە بواری ماڵییەوە، بڕوا بە خۆبوون لەواندا بە هێز دەکا. خۆ بە کەم نەگرتنو بڕوا بە خۆبوونی ژنان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان بیسەلمێنن کە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ پیاواندا نییەو ئەگەر کۆمەڵو یاسای دەستو پێگیر ڕێیان لێ نەگرن، دەتوانن لە بواری جۆراو جۆردا شانبەشانی پیاوان کاربکەنو دەوری خۆیان بگێڕن.

ئەو ژنانەی کە داهاتیان هەیە دەتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستنو جگە لەوە وەزعی داهاتی ئەو بنەماڵەیە کە هەردوو (ژنو پیاو) کاردەکەن، لە چاو ئەو بنەماڵانەی کە تەنیا یەکێکیان داهاتی هەیە، باشترە. ئەو ژنانەی کە لە باری ئابوورییەوە بە باوکیان، بە برایان بە مێردەکانیان بەستراوەن، نە تەنیا هیچ کارو داهاتیان نییە، بەڵکو داهاتوویەکی ناروون چاوەڕێیان دەکاو لەو ئاسۆ ناڕوونو تاریکەدا، کە هیچ هیوایەك بۆ داهاتوویانی تێدا بەدی ناکرێ، ژیان تێپەڕ دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە ژنانی شاغڵ (ئەوانەی کاردەکەن) بە بیرێکی ئاوالاترەوە سەیری ڕووداوەکانو ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵ دەکەن. لە بەرانبەر گیروگرفتەکاندا خۆڕاگترو بە تواناترنو خۆیان باشتر لەگەڵ کۆمەڵ دەگونجێنن، ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە ئەو ژنانەی کە لە کونجی ماڵ هاتوونەتە دەرێو ڕوویان کردۆتە بازاڕی کار، هەوڵیان داوە بەرنامە ڕێژییەکی ڕێكو پێك لە ژیانی خۆیاندا پێك بێنن کە ئەوەش نەوعێك نەزمو دیسپلین لە ژیانیاندا دروست دەکا. یەکێك لەو هۆکارە گرنگانە کە دەبنە هۆی ئازارو ئەزیەت لێدانی ژنان لە لایەن مێردەکانیانە، هۆی ئابوورییە. ئەو ژنانەی کە لە باری ماڵییەوە بەستراونەتەوە بە مێردەکانیان، لەبەر نەبونی ئاسۆیەکی ڕوون پاش جیابوونەوە، بۆیە مەجبوور دەبن هەموو ئەو ئەشکەنجانە قبووڵ بکەنو ملکەچی مێردەکانیان بن، پیاوانیش کە ئەوە دەزانن، بە کەیفی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەنو ئازاریان دەدەن. زۆر جار مردنی مێرد لە ماڵێکدا دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی ئەو بنەماڵەیە، هۆی سەرەکیش ئەوەیە کە ژن چاوی لە دەستی مێردەکەیەتیو بۆ خۆی کارو داهاتێکی نییە، هەر ئەو بێ داهاتییە، تووشی سەرلێشێواوی دەکات.

چونکە ئەو پاڵپشتەی کە بژێوی خۆیو منداڵەکانی لە بازاڕی کاردا وە دەست دەهێنا، لە دەست داوە، ئەوە لە حاڵێکدایە ئەو ژنانەی کە کاردەکەن زۆر بە ئاسانی دەتوانن لەگەڵ ئەو موسیبەتانە خۆ بگونجێننو نەهێڵن شیرازەی ماڵیان بە نەمانی هاوسەرەکانیان تێك بچێو تێدەکۆشن ژیانیان وەك پێشوو هەڵ سووڕێنن.

ئەزموون نیشانیداوە ئەو ژنانەی کە بۆخۆیان داهاتیان نییە، ڕادەی داخوازییان لە مێرد زۆرترەو کەمتر هەوڵ دەدەن بەرنامەیەکی ڕێكو پێك بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان دابڕێژن، ئەوەش دەردەخا "کەسێك قەدری شت زۆرتر دەزانێ کە بۆ خۆی پێوەی ماندووبێ". بەڵی نەبوونی ئیرادەیەکی قایم، داهاتوویەکی ڕوونو دڵنیا، خەمناکییەکی نادیار، خۆ بە کەم گرتنو باوەڕ بە خۆنەبوون، گیروگرفتێکن کە وجوودی ژنانی ماڵدار زۆر زیاتر لە ژنانی شاغل (هەتاکەم داهات) دەتوێنێتەوە. کەوابوو ژنان دەبێ هەوڵ بدەن بە کارکردن جێگای خۆیان لە کۆمەڵدا بکەنەوە. چونکە هەرچەند لە باری عیلمو زانستیشەوە زانابن، ئەگەر زانستەکەیان لە خزمەت کارێکدا نەبێ ناتوانن ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانیاندا پێك بێنن، چونکە زانستێکی کە لە چوارچێوەی قەفەسی مێشکدا زیندانی کرابێو ئەسیری زیندانی پۆڵایینی دابو نەریتە کۆنەکانو پێوەندییەکانی باوك سالاری بێ، بەرە بەرە لە نێو دەچێو ئاسەواری نامێنێ.

# پتر لە یەك ملیۆن منداڵ لە شاری مەراکیش ئیشکەرن

وەرگێڕانی: عەدنان ڕۆژبەیانی

منداڵانی مەراکیش کە لە خوار تەمەنی 10 ساڵییەوە زیاتر لە یەك ملیۆنن کار دەکەنو ڕۆژانە بەشداری جموجۆڵی ئابووری وڵاتەکەیان دەکەن، هەروەها 80% ئەم ژمارەیەش لە بواری کشتوکاڵ کاردەکەن.

هەروەها ئەوانی تر بەناو شارەکانی ئەم وڵاتە بڵاوبوونەتەوەو کاری جۆراوجۆر دەکەن.

لە 90% منداڵانی ئیشکەر لە مەراکیش لە نێوان تەمەنی 10 ساڵی تاکو 14 ساڵ دایەو لە 80% لە خوێندنو پەروەردە بێ بەشنو 96% لەگەڵ خێزانەکانیان ژیان بەسەر دەبەن چونکە ئەوانیش بە دەست هەژاریو نەداری باری سەختی ژیان لە مەراکیش ئەناڵێنن.

پشکێنەرێکی گشتی لە وەزارەتی کاری مەراکیش دەڵێ: ئێمە سەرژمێریمان کردووە کە 680 هەزار تاکو یەك ملیۆن منداڵ لە وڵاتەکەمان لە بوارە جیا جیاکان کاردەکەن بۆ نموونە لە 80% ئەم ژمارەیەش لە گوندەکان سەرگەرمی کاری کشتوکاڵین، بەڵام ئەم ئامارە مەرج نییە وەك خۆی بمێنێتەوە چونکە لەگەڵ نەبوونی یاسایەکی تایبەت سنوورداربێت بۆ سیستەمی پەروەردەو فێرکردنو نەبوونی ئاستی ڕۆشنبیری تەواو لە باری هەڵسوکەوتی منداڵانی مەراکیشو سەختی ژیانو باری ناهەمواری کۆمەڵایەتیو تێکەڵ بە کەمی داهاتی هەر خێزانێك لەم وڵاتە خێزانەکان ناچار دەکات کە منداڵەکانیان بخەنە ژێر باری قورسی ئەم کارانەوە بێ ئەوەی بیر لە پاشە ڕۆژی منداڵەکانی خۆیان بکەنەوەو کاریگەری سلبیاتی ئەم کارە لێك بدەنەوە، ئەمەش وای لە سەرمایەدارو خاوەن کارگەکان دەکات کە ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ خۆیان..!

یەکێك لە توێژەرەکانی کۆمەڵایەتی لە مەراکیش دەڵێ: سەرژمێرییەکان بەپێی پێویست نین هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستەوە کە نزیکەی یەك ملیۆن منداڵ کار دەکەن بەڵام مەترسی لەوەدانییە مەترسی لەوەدایە کە سێ ملیۆن منداڵی تر ناچنەوە بۆ قوتابخانە بۆ پرۆسەی خوێندن ئەوەش هێندەی تر ڕێژەی منداڵانی ئیشکەر بەرز دەکاتەوە هەروەها لێپرسراوێکی مافی مرۆڤ لە مەراکیش ئاوا باس لە منداڵانی مەراکش دەکات. بە ڕاستی کارکردنی منداڵان کە تەمەنێکی کەمداو لە بارێکی ئەوهادا کاریگەری لەسەر جەستەو لەشی ئەم منداڵانە دەکاتو باری دەروونییان ئاڵوز دەکات جگە لەوەش لە خوێندنو لە پرۆسەی قوتابخانە بێ بەشیان دەکات، فراوانبوونی کێشەکەو زیادبوونی لایەنە ڕەخنەگرەکان وەك ڕێکخراوی مافی مرۆڤ حکومەتی مەراکیشی ناچار کردووە کە بیر لە چارەسەریەك بکاتەوە بۆ کێشەکە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەش بەباشی دەزانم بڵێم کە لە وڵاتی مراکیش سەرەتا لە بنبڕکردنی هەژاریو نەداری دەست پێ بکەین دوای ئەویش بەرزکردنەی ئاستی هۆشیاری دایكو باوکی ئەم منداڵانە لە کۆتایی پێم باشە جێبەجێکردنی یاسای قەدەغەکردنی کار بۆ تەمەنی خوار لە 15 ساڵ بەقرار بێت..

لەگەڵ ئەم چارەسەرانە کارەکەش دەگۆڕێت.

باری سەرنج:

# هاوسەرێتیو تەمەنی خوار یاسا

کازم عەلی- چەمچەماڵ

لە بەندی سێیەم لە ماددەی هەشت لە یاسای باری کەسایەتی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 هاتووە دەڵێت ئەگەر کەسێك تەمەنی پازدە ساڵی تەواو کردو توانای جەستەیی هەبوو دوای ڕەزامەندی وەلییە شەرعییەکەی دادوەر ئەتوانێ ڕێگە بە هاوسەرێتییەکەی بدات بە مەرجێ ئەو کەسەی پێی ناوەتە پازدە ساڵییەوە بالق بوونی شەرعیو توانای جەستەیی هەبێت، کەواتە یاسای باری کەسایەتی گرنگی بە توانای مرۆڤ داوە وەکو مەرجی هاوسەرێتیو زۆر گرنگی بە تەمەنی هەژدە ساڵی نەداوە ئەگەر مرۆڤ توانای جەستەیی هەبێت کە بتوانێت کاری هاوسەریو خێزانی بە ئاسانی ئەنجام بدات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کە دادوەرە بەڕێزەکان تەنها تەمەنی هەردوو هاوسەر (ژنو پیاو) بە هەند وەردەگرنو ئەگەر لە خوار هەژدە ساڵییەوە بێت ڕێگەیان پێنادەن، ئەوانەش کە لە دەرەوەی دادگا مارە بڕینییان ئەنجام دابێت، لە تەمەنی یاساییدا نەبن ڕەتدەکرێنەوە، چونکە تەنها تەماشای تەمەنەکانیان دەکرێت بۆیە لێیان ناپرسێتەوە، ئەمەش بێ ئەوەی ڕەچاوی هەندێ شت بکرێت وەکو ئەوەی لە دەرەوەی دادگا ئەنجام دراوەو هەردوو ڕەگەزەکە توانای جەستەییان هەیەو کاری خێزانیان بە باشی ئەنجام داوەو هەردووکیان خۆیان یەکتریان هەڵبژاردووەو هەندێ لەو خێزانانەش منداڵیشیان پێکەوە ناوە، بۆیە لەم بارادا پێویستە وەزارەتی داد چاوپێداخشانەوەی هەبێت بە یاساکەداو چاودێری دادوەرەکان بکرێت لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکەو پێویستە لە چۆنیەتی هەڵسووکەوتی هەردوو ڕەگەزەکە بکۆڵنەوەو لەسەر ڕازی بوونی هەردووکیانو پشکنینی پزیشکی پسپۆڕ مۆڵەتی هاوسەرگرتن بدرێت بە ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە هەژدە کەمترە، چونکە بە پێچەوانەوە مامەڵەکردن ئەبێتە هۆی پەنابردنی ئەو خێزانانە بۆ گۆڕینی تەمەنیان لە ڕێگەی ڕەگەزنامەوە بۆ تەمەنی یاسایی لە پێناوی مۆڵەت وەرگرتنی هاوسەرگرتندا، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی درۆکردن لەگەڵ مێژوو کە بە زۆری یاسا هاووڵاتیان ناچار ئەکرێن کە درۆ لەگەڵ مێژوودا بکەنو ڕاستی خۆیان لە بیر بکەنو ئەمەش جگە لەوەی کە پێویستە تەمەنی پانزە ساڵ کە بە گوێرەی یاساکە هاتووە ئەگەر توانای جەستەیی هەبوو. ئەبێت پشت گوێ نەخرێتو کاری پێبکرێت چونکە ئێمە لە کۆمەڵگایەکداین پاڵپشتە بۆ هاوسەری زوو بە زوو، هەروەها پاڵدانی ئەو کەسانە لە لایەن یاساوە بۆ گۆڕینی تەمەنی خۆیان ئەبێتە هۆی گیروگرفتی دوارۆژ وەکو تەمەنی سەربازی یاخود خانەنشینی وە ئەگەری گۆڕانکاری چارەنووسی ڕژێمی عێراقو ئایندەی کوردستان، بۆیە پێویستە وەزارەتی داد لە هەرێمی کوردستان چاودێری هاووڵاتیان بکاتو ئەو کەسانەی تەمەنیان نەگەیشتوەتە کاتی یاسایی (هەژدە ساڵ)و هاوسەریان گرتووە یاخود داوای هاوسەری گرتن دەکەن، پێویستە مۆڵەتیان پێ بدرێو بۆ ئەو مەبەستەش ئەبێت ئەو کەسانەی لە بواری کۆمەڵایەتیو پزیشکیدا پسپۆڕن پێشنیارو تێبینی بەرز بکەنەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گیروگرفتانەی دووچاری ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بووەنەتەوە بە هۆی مانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییانەی ڕژێمی عێراقەوە.

# بە بۆنەی 8ی ئادار لقی کوردستانی کۆمەڵەی هیوای عێراقیو چەند ئاهەنگێك

لە ڕۆژانی (10 /3، 11 /3، 12 /3، 13 /3) لە گوندی بەحرەکەو کۆمەڵگاکانی پیرزینو دارەتووو کەسنەزان کە سەر بە پارێزگای هەولێرنو بە بۆنەی (8)ی ئادار ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لقی کوردستانی کۆمەڵەی هیوای عێراقی چوار ئاهەنگی ساز کرد.

لە هەر یەکێك لەم ئاهەنگانە خاتوو سۆزان محەمەد بەڕێوەبەری پرۆژەی قۆرخکردنی وشکاتی کە سەر بە لقی کوردستانی کۆمەڵەیە بە هاوکاری ڕێکخراوی جیهانی بۆ دابینکردنی خۆراك (WFP) جێبەجێی دەکات، گوتاری پێشکەش کردو گرنگی ئەم پرۆژەیەی کە (67) گوندو (9) کۆمەڵگا لە پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە، بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە. ئەم پرۆژەیە پەز بەسەر خێزانە بێ سەرپەرشتەکان دابەش دەکات، بە مەبەستی بەخێو کردنیانو سوود وەرگرتن لە بەروبوومەکانیان.

هەروەها لە میانی ئەم ئاهەنگانە لە لایەن ئافرەتانی کارمەند لە کۆمەڵە دەقە بنچینەییەکانی ڕێکەوتننامەی زاڵبوون بەسەر هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ئافرەت کە لە لایەن (UN)وە پەسەند کراوە، بۆ ئافرەتانی ئامادە بوو ڕوونکرایەوەو کارەساتی دڵتەزێنی (8)ی ئادار ساڵی (1908)یان بۆ باسکرا.

جگە لەمەش لە ئاهەنگەکانا نوێنەرانی ئافرەتان گوتەیان پێشکەش کردو هەروەها بە سروودو گۆرانیو شیعرو پەخشان خوێندنەوەو پێشکەش کردنی شانۆگەری ئەم ئاهەنگانە دڵگیرترو کاریگەرتر بوون.

ئەوەی شایانی باسە بەڕێزان سەرۆکی لقی کوردستانی کۆمەڵەو سکرتێری کۆمەڵەو ئەندامانی دەستەی کارگێڕیو سەرۆکی دەستەی کارگێڕیو داراییو بەڕێوەبەری نووسینگەی لق لە هەولێرو نوێنەرانی ڕێکخراوی (WFP)، هەر جارێ لە ئاهەنگێك ئامادە بوون.

لە هەر چوار ئاهەنگیش بەڕێوەبەرو مامۆستایانی قوتابخانەکانی ئەم گوندو کۆمەڵگایانەو ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان ئامادە بوون.

لە چەند لایەنێکیشەوە بروسکەی پیرۆزبایی ڕەوانە کراوە. لە کۆتایی هەر ئاهەنگێکیشدا لقی کوردستانی کۆمەڵە، پۆستەرێکی لە چوارچێوەی دەقە بنچینەییەکانی ڕێکەوتننامەی زاڵبوون بەسەر هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ئافرەت پێشکەش بە کارگێری قوتابخانەکانی ئەم گوندو کۆمەڵگایانە کردووە.

# چەند سەرنجێك سەبارەت بە کۆڕەکەی یۆبیلی زێڕینی کۆمەڵەی ئافرەتان

عەبدوڵڵا شەریف

مایەی شانازییە کە لەو ڕۆژگارەدا کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان لەو بۆنەیەدا لاپەڕەی گەشو پڕ لە خەباتی سەختو قوربانی پەنجا ساڵەی ئەو ڕێکخراوە تێکۆشەرە هەڵبداتەوەو ئافرەتانی کوردستانیش زیاتر بە ئاشنا بوونو شارەزایی ئەو خەباتە درێژ خایەنە هان بدرێن زۆر بەختەوەریش بووین کە (5) خوشکی خەباتگێڕ (خاتوو فریشتە، هەیبەت، مامز، سەکینە، دایکی ئازاد) تێیدا خەڵات کران لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە کۆڕەکە چەند سەرنجو تێبینییەکی ڕەخنەگرانەی لێ کەوتەوە ئێمەش بە مەبەستی هاندانو چارەسەرکردنی ئەم کەمو کورتییانە دەیانخەینە ڕوو.

تەوەرەی یەکەمی کۆڕەکە بریتی بوو لە مێژووی پەنجا ساڵەی کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق بە زمانی عەرەبی خوێنرایەوەو زۆربەی کاتەکەی بە فیڕۆ برد. چونکە بێجگە لە درێژییەکەی نەك هەر ئافرەتە نەخوێندەوارەکان بگرە زۆر لە خوێندەوارەکانیش تێینەگەیشتوون تەنانەت ئەو پێنج خوشکە کە کورتەیەك لە ژیاننامەکانیان خوێنرایەوە خۆشیان لە خەباتی خۆیان تێنەگەیشتن.

تەوەرەی دووەم کە لەسەر یاسای ئەحوالی شەخسی بوو خوشکە شنۆ چەند خاڵێکی گرنگو دەست بژێری بە کوردییەکی ڕاستو ڕەوان تێدا ڕوون کردەوە بەڵام جگە لە برای یاسا ناس کاك گۆڤەند کاتو ماوە بۆ هیچ کەسێك نەبوو گفتوگۆی تێدا بکات لە هەموو ئافرەتانیش تەنیا کچێك دەستی هەڵبڕی بۆ گفتوگۆ کردن ئەویش مۆڵەتی پێ نەدراو لەبەر نەبوونی کات داوای لێبووردنیان لێ کرد!.

ژمارەی ئافرەتانی بەشداربوو زۆر کەم بوو بەڕاستی سەیرە ! خۆ ئەگەر بەشێکی کەم لە خێزانەکانی هاوڕێیانو دۆستانی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ئامادە بان هۆڵە گەورەکەی میدیا شوێنی دانیشتنی نەدەما!

جێگای ڕەخنەو نیگەرانییە لە کۆمەڵەی ئافرەتانو باوکانی سیاسیو کوڕانو برایانی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە کە تاکو ئەو ساتەش جەماوەری ئافرەتان بگرە خێزانەکانی خۆشیان نازانن ڕۆژی 8ی مارسو 10ی مارس چییە؟!.

لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ئازادی بەسەر سوڕمانەوە دیمان کە دوو ئافرەتی بەشداربوو یان زیاتریش خەریك بوون لە ئاستی کامێرا سەری خۆیان دادەگرتو خۆیان سەرپۆش دەکرد؟!

